# راگەیاندنی پلێنۆمی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

پلێنۆمی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە رۆژانی نیوەی دووهەمی مانگی بەفرانباردا بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی هەردوو کۆمیتەکە بەڕێوە چوو. ئەم کۆبونەوەیە لە ماوەی سێ رۆژ کاری پڕ بە پڕی خۆیدا هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان و ئێرانی دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی رێکخراوەیی و لەوانە بەڕێوەچونی کۆنگرەکانی نۆهەمی حیزب و دوازدەهەمی کۆمەڵە بڕیاری پێویستی دەر کرد.

هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی ئێستا و دیاری کردنی سیاست و هەڵوێست بەرانبەر بە ئاڵوگۆڕ و روداوەکان گرینگترین بەشی بەرنامەی کاری پلێنۆمی هاوبەش بوو.

سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ئێران پلێنۆم لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دیپلۆماسی پڕ لە هەرا و هوریای کۆماری ئیسلامی ئێران بە تایبەت لە کێشەی وزەی ئەتۆمیدا بە تەواوی دژ بە بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەڕێوە دەچێ و ئەو ئاڵۆزیانەی کە پێك هاتوون چ بە لای ئامریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانانیان دا بشکێتەوە و چ بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو بێ، لە هەر دوو حاڵەتەکەدا ئاورێکە کە دوکەڵەکەی راستەوخۆ دەچێتە چاوی خەڵکی چەوساوەو ئازادیخواز لە ئێرانەوە. ئەمە کێشەیەکی ناوخۆی ناو بنەماڵەی سەرمایەدارییە. ئەم جۆرە کێشانە لە هەر شوێنێکی ئەو جیهانە کە کەوتبێتە ڕێگا، ئاکامێکی بێجگە لە شەڕ و لە ماڵ وێرانی و لە رۆژ رەشی زیاتر بۆ زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵك بەدواوە نەبوە. کرێکاران و جەماوەری خەڵکی بێبەش لە ئێران بۆ رزگاری لە جەهەننەمێك کە رژیمی ئیسلامی لەو وڵاتە دایسەپاندوە و بۆ پاراستن لە ئاکامەکانی

هەڕەشەکانی ئامریکا و ئیسرائیل و دەوڵەتانی ئوروپا لە ئێران ڕێگایەکیان لەبەر نییە جگە لەوە کە خەباتی خۆیان لە دژی رژیمی ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا توندوتۆلتر بکەن و پەرەی پێبدەن وە لە هەمان کات خۆیان لە بەرەی جیهانی دژ بە شەڕخوازی و دژ بە سیاسەتی نیئۆلیبراڵەکانی دەسەڵاتدار دا ببیننەوە. هەلومەرجی بابەتی بۆ سەرکەوتنی بەرەی عەداڵەت و ئاشتی و ئازادی لەم نەبەردە مەحەللی و جیهانییەدا لەبارە و بەدیهاتنی بەهێزی کرێکاران و بێبەشان و ستەملێکراوانی وشیار و خەباتکار و رێکخراو مەیسەر دەبێ.

لەم پەیوەندیەدا پلێنۆم تەئکیدی کرد کە ئەگەر لە کێشەی ئەم دواییە لە سەر وزەی ئەتومی دا رژیمی ئیسلامی پاشەکشەیەك نەکات، لەو حاڵەتەدا پەروەندەی ئەم کێشەیە دەچێتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەر دوولا بەئانقەست بۆ ماوەیەکی دور و درێژ مانۆڕی پێدەدەن و دەیهێنن و دەیبەن. ئەم بەشە لە ئۆپوزسیۆنی کۆماری ئیسلامیش کە هیوای خۆی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە دەست تێوەردانی ئەمریکا لە ئێرانەوە گرێداوە، لەگەڵ درێژ بونەوەی کێشەکە پەرە بە حاڵەتی چاوەڕوانی لە کۆمەڵگادا دەدات و بە پێکهێنانی خەون وخەیاڵی بێبنەما و وادەی سەرکەوتنی ئاسان، جەماوەری خەڵك لە خەباتی راستەوخۆی خۆیان بۆ رزگاری وردە وردە دوور دەخاتەوە. پووچەڵ کردنەوەی وەها خۆشباوەڕییەکی زەرەربار ئەرکی گرینگی ئەم دەورەیەمان دەبێ. پلێنۆم هەروەها ئەو واقعییەتەی تەئکید کردەوە کە دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد سەرەڕای ئیدعا و وتەکانی جەنجاڵی ناتوانێ رژیمی ئیسلامی بەرەو سەردەمی بەسەرچوو بگەڕێنێتەوە دواوە.

سیاسەتەکانی ئێستای رژیم تەنیا دەتوانێ دەست ئەنداز یان وەستانێکی کورت ماوە بێ لە ئاراستەیەکدا کە ئەو رژیمە بە حوکمی هەلومەرجی مادی سەرمایەداری ئێران بە ناچار دەبێ پێیدا بڕوات. بە گشتی چارەنوسی نیهایی ئەو کۆمەڵگایە بە ئاکامی کێشمەکێش و ناکۆکیەکانی دوو رەوتی ئەساسییەوە گرێدراوە: یەکەم،

بەرەوپێش چونی بزوتنەوە رادیکالەکانی کۆمەلایەتی و لە سەروی هەموانەوە بزوتنەوەی کرێکاری، ئەو بزوتنەوانەی کە بورژوازی بە هەموو تواناوە لە هەوڵی کۆنترۆڵ کردن و بە لاڕێ دابردنیان دایە. دوهەم، رەوتی حەرەکەتی سەرمایەداری ئێران بۆ لابردنی ئەو کەند و کۆسپە سیاسی و ئابوریانەی کە رێگایان لە تێکەلاوبونی تەواو و کەماڵی ئابوری ئێران لەگەڵ بازاری جیهانی سەرمایە و لە سەقامگیرتر بونی دەسەلاتی هەمەلایەنەی بورژوازی بە سەر بنەماکانی سەرەکی ناوخۆی کۆمەڵگای ئێران، گرتوە. هەموو کێشەکانی ناوخۆی باڵەکانی رژیم و ناکۆکیەکانی ناو خۆی ریزەکانی ئوپوزسیونی کۆماری ئیسلامی هەر لەو چوارچێوەیەدا تەوزیح دەدرێ، کە ئەویش شتێك نییە غەیری رەنگدانەوەی رەوتی خەباتی چینایەتی لە ئێران.

سەبارەت بە خەباتی بەرینی کرێکاری لەم دەورەیەدا وە بە تایبەت خەباتی دلێرانەی کرێکارانی شیرکەتی واحیدی تاران و موقاوەمەتی کرێکارانی نەساجی کوردستان، پلێنۆم ئەو هەلومەرجەی وەکوو قوناغێکی هیوا بەخش لە بزوتنەوەی کرێکاری ئێران دا هەڵسەنگاند، قوناغێك کە تێیدا پێویستی پێکهاتنی رێکخراوە کرێکاریەکان و سەپاندنیان بە سەر رژیم، وەکوو ئاکامێکی ئاسایی خەباتی چەند ساڵی رابوردوی چینی کرێکار لە ئاستێکی کۆمەلایەتی‌دا هاتوەتە سەروی داخوازیەکانی چینی کرێکارەوە.

لەسەر هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستانی ئێران پلێنۆم بە وردی ئەو ستراتیژانەی کە ئەمڕۆکە لە مەیدانی سیاسی‌دا لە کوردستان هاتونەتە گۆڕێ دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لەگەڵ شەڕی ئەمریکا لە عێراق و پێکهاتنی ناوچەیەکی فیدراڵ بە دەسەلاتێکی دیاریکراوەوە، لە کوردستانی عێراق، حیزب و رێکخراوە ناسیونالیستەکانی کوردستانی ئێرانیش کە لە ریفۆرم خوازەکانی ناو رژیم بێ هومێد ببون، بە تەسەورێك کە بۆ خۆیان لە سیاسەتی داهاتوی ئامریکا لە سەر ئێران بویان و بەو ئاواتەی کە سیناریوی پڕ لە موسیبەتی عێراق لە ئێرانیش دووپات بێتەوە، ستراتیژیکی نوێیان لە سەر بنەمای گرێدانی سیاسەت و بەرژەوەندی خۆیان بە سیاسەت و بەرژەوەندی دەوڵەتی ئامریکا لە ناوچەکەدا، دارشت و دەستیان دایە تەبلیغات بۆ کردنی لە ناو خەڵکی کورد لە ئێران. پلێنۆم ئەو راستیەی تەئکید کردەوە کە ئەو ستراتیژە بە تەواوی لەگەڵ بەرژەوەندی خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێران و لەگەڵ بەرژەوەندی خەباتێکی جیهانی لە دژی جیهانگیری سەرمایە و دەسەلاتی نیئۆلیبڕالەکان بە سەر چارەنوسی خەڵکی لە جیهان، ناتەبایە. لە هەمان کاتدا ئەگەر ئەو ستراتیژە جێگا و شوێنێکی چارەنوس ساز لە ناو خەڵکی کوردستانی ئێران دا بکاتەوە، نە تەنیا بزوتنەوەی عادلانەی خەڵکی کورد لە هاوپەیمانانی واقعی خۆی لە دونیا و لە پشتیوانی خەڵکی عەدالەتخواز و ئازادیخواز بێبەش دەکات و ئەو بزوتنەوەیە بە لاڕێدا دەبات، بەڵکوو لە ناوخۆی کوردستانیش دا بە نیسبەت خەباتی گەلی کورد بۆ رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی راستگۆیانە و واقیع بینانە نییە و ئەگەر بێت و سەریش بکەوێ لە باشترین حاڵەتی خۆی دا شتێکی زیاتر لەوەی کە بەشێك لە ئیدارەی کارو باری ناوخۆی کوردستان بەم حیزب و گروهانە بسپێردێ، لێی ناکەوێتەوە.

ستراتیژێکی دیکە کە هەروا لە گۆڕێدایە، درێژەی پرۆژەی بە ناو ریفۆرمخوازەکانی ناوخۆی رژیمە کە دەیانهەوێ لە سەنگەری قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێران دا و بە پشت تێکردن لە خەباتی سێ دەیەی رابوردوو کە خەڵکی کورد لە هەموو بوارەکاندا و لە وانە لە سەنگەری خەبات و موقاوەمەتی چەکدارانەدا، بەڕێوەی بردوە، چەند ریفۆرمێکی ئیداری و فەرهەنگی لە رژیم وەربگرن. ئەم ستراتیژە ئەو راستیەی کە ستەمی نەتەوایەتی لە سەر گەلێك بنەمای ئابوری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی لەو کۆمەڵگایەدا دامەزراوە و بە چەند ریفورمێکی ئیداری و فەرهەنگی لە ناو ناچێت دەشارێتەوە و بە بەتاڵ کردنی بزوتنەوەی کوردستان لە ناوەرۆکی دیموکراتیك و رادیکاڵ و رزگاری بەخشی خۆی، هەوڵ دەدات ئەو بزوتنەوەیە کۆنترۆڵ بکات بە ئامرازێك لە خزمەت بەردەوام بونی رژیمی ئیسلامی دا لە ئێران .

پلێنوم لە دوایین بەشی باسەکانی خۆی لەم بابەتەوە، تەئکیدی لە سەر ستراتیژی رادیکاڵ و سوسیالیستی کرد کە ریشەیەکی بە هێزی کۆمەلایەتی لە کوردستاندا هەیە. ئەم ستراتیژە لە سەر بنەمای ئاسۆیەکی سەراسەری و پشت بەستن بە هێزی خەباتی راستەوخۆی کۆمەلانی زەحمەتکێش و ستەم لێکراو، شان بەشانی کرێکاران و تێکۆشەرانی شۆڕشگێر و سوسیالیست لە سەرتاسەری ئێران و بۆ لە ناو بردنی ستەمی نەتەوایەتی

لە سەر خەڵکی کورد دارێژراوە و ڕێباز و بەرنامە سیاسیەکەی لە کوردستاندا مەقبولیەتێکی بەرینی کۆمەڵایەتی وەدەست هێناوە. وەڵامێکی لێبڕاوانە کە خەڵکی کوردستان بە بانگەوازی مانگرتنی گشتی شازەدی گەلاوێژ دایانەوە، بواری تاقی کردنەوەیەکی حاشاهەڵنەگربوو کە هەبونی بە هێزی ئەو ستراتیژەی بە هەموو دۆستانی بزوتنەوەی کوردستان کە نیگەرانی باڵادەست بوونی ستراتیژە بورژوائیەکان لە کوردستان بوون و هەر وەها بە هەموو ئەوانەی کە هەوڵ ئەدەن بزوتنەوەی کوردستان بکەن بە پاشکۆی بەرژەوەندیەکانی ئەمپریالیسم و بورژوازی ئێران نیشان دا.

لە بەشی مەسەلە ڕێکخراوەییەکاندا گرینگ ترین باسی پلێنۆمی هاوبەش، دیاری کردنی ڕێکەوت و چۆنیەتی تەداروکی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی کۆمۆنیست و کۆنگەرەی دوازدەهەمی کۆمەڵە بوو.

لەم پەیوەندییەدا پلێنۆم ڕێ و شوێنی گونجاوی دیاری کرد و کۆمیسیۆنێکی بە مەبەستی تەداروکی ئەم کۆنگرانە لە ناو ئەندامانی خۆیدا هەڵبژارد.

پلێنۆم هەر وەها لە سەر پێویستی هەرچی گەرم و گوڕتر و سیاسی تر بەڕێوەچونی ڕێ و ڕەسمەکانی ڕۆژی کۆمەڵە لە یەك مانگی داهاتوو دا، تەئکیدی کرد و تەوسیەکانی خۆی پێشکەش بە کۆمیتەکانی بەڕێوەبەری ڕێ و ڕەسمەکان کرد.

پلێنۆم وێڕای پێدا گرتنی سەر لە نوێ بۆ دامەزراندنی کاناڵی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کۆمەڵە، پێویستی هەوڵی بەر فراوان تر بۆ کۆ کردنەوەی یارمەتی ماڵی خەڵکی ئازادیخواز و دۆستان و پشتیوانانی بزوتنەوەی کوردستان بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم پرۆژەیە و بۆ زەمانەت کردنی ئیدامە کاریەکەی، وەبیر هێنایەوە.

**پلێنۆمی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**بەفرانباری 1384**
**ژانویەی 2006ی زاینی**